## " دەنێو بوومەلەرزەیەکی کوشندەتر"

### " شێرۆ _ی پلکە زارێ "

- **دەستەڵاتخوازی و دەردەداری:**

+ هەر هەمووما‌ن هێدمەگرتی / شۆک بووین و هەم کارەساتبار و دڵتەنگ بەو بوومەلەرزەیەی کە هەزارەهای کرد بە قوربانی، کە ئەوەیان دوا بوومەلەرزەش نابێت کە چەندەها پسپۆر و ئاکادیمیستی شارەزا و هەم خەڵکانی ئاسایی و مەزهەبزەدەکانیش سەبارەت بەم کارەساتە قسەی خۆیان هەبووە، بەڵام ئەم بوومەلەرزەیە کە بە تراژیدیایەکی سروشتیی و ناتوراڵ ناوبراوە و زۆر زەق و دیارە و دونیاهەژێنە، بەڵام ئەم زەمینلەرزە سروشتییە بوو کە منی هاندا ئاماژە بە بوومەلەرزەیەکی دیکە بکەم کە هەموو رۆژێک روودەدات و هەمووماني پەریشان کردووە، بەڵام بە بەراورد لەتەک بوومەلەرزەیەکی سروشتگەرا، ئەم بوومەلەرزەیەی دیکە رۆژانەیە و ترسناک و کوشندەترە، بە گشتی لەسەر ئاستی "خۆرهەڵاتی ناوەراست" و هەم لە 'کوردستان'ی گەورە، بە تایبەتی دەنێو 'کوردستانی باشوور' کە گوایە لە چاو سێ بەشەکەی دیکە هەرێمێکی ئازاد کراوە، کەچی واینەکردووە کە پسپۆران و ئاکادیمستی شارەزا و نووسەران و سیاسەتمەدارەکان و کۆمەڵناس و دەروونناسەکان و ژینگەپەرستەکان و مەزهەبزەدەکان و پەروەردەکاران بیکەن بە خەم و خولیای خۆیان، کە مەرجە بێ وچان و هەمیشە بە دوای چارەسەر و بەرگرییەکی پراکتیکیدا بگەرێین پێکەوە، کە ناکرێت ئەم بوومەلەرزەیە رۆژانە رامانبچڵەکێنێت و داغانمان بکات، کەچی خودی چڤات و عەقڵزەدەکان بێدار نەکاتەوە، گەرچی چەندەها لە نووسەران و رۆشنبیران و پسپۆر و ئاکادیمستی شارەزا لێیدواون و توێژنەوەیان خستۆتە روو، بەڵام بارتەقای ئەو کارەساتە نییە کە هەر هەمووما‌ن بەدەستییەوە دەتلێینەوە، کە تا هەنووکەش رادیکاڵانە چارەسەر و بەربەستێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

ئاخۆ ساویلکەیی و ناهوشیاری خودی جەماوەرە، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانیشەوە، کە دوای ئەو هەموو رابوون و هەڵگەرانەوە و جۆش و خرۆشەی کە ناوی نراوە شۆرش و ململانێی دەستەویەخەی نەوەی نوێ دژ بە باوکە زاڵ و زۆردار و چەوسێنەرەکان، لەسەر ئاستی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەزهەبزەدەیی، بەڵام 'مێژوو' بۆ هەمیشە شکستی دراماتیکی نەوەی نوێ دەگێرێتەوە لەبەردەم باوکە زێدە پیر و دەستەڵاتخوازەکان، بە تایبەتی لە "رەشهەڵاتی ناوەراست"، وەک بەڵگە و نموونەش شکستی 'شووراکان'ی لای خۆمان لە سەروەختی دوای راپەرین، سەرباری **شکستی** "بەهاری عەرەبی" لە هەر هەموو وڵاتەکاندا کە رابەرەکان و قوربانییەکانی سەر بە نەوەی نوێ بوون.

وەک ئەوە وایە کە زیندووبوونەوەی 'دایناسۆر'"ە دەستەڵاتدار و سیاسەتبازەکان بۆ هەمیشە موعجیزە و پەرجووێکی چارەنووسگەرای لە پشت بێت کە ئەوەیان خورافاتی ملیۆنەهایە. چونکە بەدرێژایی مێژوو دەنێو هەر هەموو قۆناغ و چاخ و جوگرافیا جیاوازەکاندا، بۆ هەمیشە ئاکامەکەی بەوە گەیشتووە کە نەوە بەدوای نەوە دەکرێن بە قوربانی و ئامراز و دەسکەلا و پێخوستی حەز و تەماحی لۆردەکانی سیاسەتبازی بزنسمان بۆ گەیشتن بە دەستەڵات و پلە و پایەی بڵند بەو نیاز و مەرامەی دەستیان بگاتە هەر هەموو سەرچاوە و کانگاکانی هێزە ماددی و مەعنەوییەکان، بێئەوەی گومان لە ئەخلاقی خۆیان بکەن کە بۆیان نییە ئەو خوێنباران و قوربانیدان و کوشتارگایە لەسەر دەستی ئەوان بەردەوام بێت و بێئەوەی پاشەکشێی لێبکەن و پەشیمان ببنەوە!

هەموو خەسڵەتە ناشیرینەکانی باوکە ستەمکارەکان لەنێو دروشم و مژدەی درۆزنانە و ئەدەبیاتی چەواشەکارانەدا جێگیر و جێکەوتە بووە کە دەنێو گوتارێکی سیاسیی و مەزهەبزەدەیی فریودەردا خۆیان دەنوێنن، یانژی لە رێگەی دارشتنی سەدەها وتاری پفدراو و بێکەڵک خۆیان دەشارنەوە، بۆ هەمیشە لەگەڵ نۆرم و کارکردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆنەپارێز و مەرگدۆست و دابونەریتی باودا خۆیان دەگونجێنن، بەڵام ئەوە ئەرک و کاری رۆشنبیری دلێر و سەلیقەدارە کە هەوڵبدات ئەو بەشە شاراوە و تاریکە لە گەمەکانی دەستەڵاتخوازان ببینێت کە لە ناو پێچ و لوولی زمان و تێکستەکان و مژدەکان و دروشم و بانگەشەکاندا خۆیان شاردۆتەوە، ئەم کارەش بەبێ خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ / سایکۆلۆژی بۆ فیگەر و کارەکتەری سیاسەتبازە فێڵباز و دەمامکدارەکان مەحاڵە کە قەوارەی درامای ژیانی کارەساتباری ئێمە زادە و **دەستکردی** ئەوانی دەستەڵاتدارە کە زێدە دراماتیک و کوشندەترە!

**+ ستەمگەری وەک چارەنووسێکی رەها:**

مەردمگەل چ لە ئاشتیەوانی و خۆشی و جوانی بەهرەمەند بن، یان تلاوەی دەستی شەڕانگێزی و بەدبەختی و ناشیرینییەکانی دونیا بن، هەردووکیان زادەی ژینگە و ئەو رۆژگارە و کولتوورەن کە ئێمە تیایدا ژیاوین، **هەردووکیان** دەنێو مێشکی مرۆڤەکاندا جێگیرن و گەرایان داناوە. سەرەتای چەوساندنەوە و زۆرداری و بە کۆیلەکردن و **بەندەواری** جەماوەر و خەڵکانی بندەست لە **عەقڵێکی زاڵ و نیازێکی خراپەوە** دەستپێدەکات و ئەوسا دەگاتە سەر جەستەکان کە تاکە پانتاییەکە بۆ سزادان و ئازارچەشتن، باوکە چەوسێنەرەکان چ لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بن و چ لەناو خانە خراپەکانی سیاسەتدا بن.. یان بازنە داخراوەکانی مەزهەبزەدەیی دۆگماتیک، بە حوکمی ئەو هەقە خواهانەییەی کە بە خۆیان بەخشیوە کە دەکرێت لەژێر زەبروزەنگیی دەستەڵاتێکی ئاسمانیی بێت یان سەرزەمینی کە کەوتۆتە ناو چنگی خۆیانەوە، ئەوسا بە ئاسانی رێگا خۆشدەکەن بۆ پەیداکردنی کاریزمایەکی ساختەبازانە کە بە خۆیانی ببەخشن، کە زۆرینەیان نێرینەن..نەک مێینە، دیارە ئاسانتریشە کە وەک کارەکتەر و فیگەری هێزدار و پێگەدار پیرۆزییەکی هەمیشەیی بە خۆیان ببەخشن، کە دوا جار بەو ئاکامە دەگەن کە خاوەنی نەوەی نوێ و فرزەندەکانی خۆیان بن کە ئاسمان و سەرزەمین پێکەوە دەست لە ناو دەست بە هەق و ڕەوای دەبینن کە لەباری پراکتیکی و کردەییەوە، کەم و زۆر، چش لەوەی کە بە نێو دۆزەخ و دۆخێکی دراماتیک و تراژیدی و کارەساتباری رامانبکێشن، لەسەر ئاستی رۆحیی و هەم جەستەیی.

ئەفسووس... کە بۆ هەمیشە باوکە ستەمکارەکان بە ویژدانێکی ئاسوودەوە گەمە بە چارەنووسی کچان و کوڕەکانیان دەکەن، بەشێوەیەکی سیستماتیکی ملکەچ و دەستخەڕۆیان دەکەن، مەرجە لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە باوکانێک هەن کە لیبراڵ و میهرەبان و کراوەن و **دژی** ستەمن، بەڵام مەحاڵە داتا و ئامارێکمان دەستبکەوێت لەسەر ئاستی فەرمی و دەوڵەتداری کە بزانین چەندیان ستەمکارن و چەندیشیان دژی هەر چەشنە ستەمێکن، لەسەر هەر هەموو ئاستەکان و دەنێو هەر هەموو کایەکاندا کە تیایدا مەردمگەل بەر یەکتری دەکەون: نموونەی دامودەزگاکانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەزهەبزەدەیی و فەرهەنگداری !

هەڵبەتە باوکە **زۆردار** و زیرەك و نارسیست و خۆپەرستەکان دەزانن چلۆن ئەو گەمەیە بەڕێوە ببەن و هەڵیبخرێنن، گەمەی فریودان و قوربانی بەخشین بەناوی شۆڕشەکانەوە، یان بە ناوی جیهاد و جێنشینبوون لە بەهەشتێ، بەڵام ژمارەیەکی دیکەی بەرچاو **لە** باوکە کەودەن و خۆپەرستەکان هەن کە بەبێ وچان و بەردەوام لاوەکان و خەڵکی بندەست رامدەکەن و دەیانکەن بە قوربانی لە پێناو خەونە خوێناوییەکانی خۆیانەوە کە بەهەقی خۆیانی دەزانن، ئەو جۆرە پاتریارک و پیاوسالار **و** سمێڵسالارانە بۆ هەمیشە خاوەنی کاریزمایەکی ساختە و نارەسەنن، هاوکات لە ناوئاخندا کەڵک لەو چین و توێژە وەردەگرن کە نەخوێندەوارن بە مانا فیکرییەکەی کە هاوکاتیش برسی و رووت و رەجاڵن، کە ئیدی بە ئاسانی سیحر و دێوجامەی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ مامەڵەکردنێک دەگەڵ خەڵکە رەشۆکی و عەوامەکە کە وەک ئەوە وایە ئەو خەڵکە لە چاوی ئەواندا 'مێگەل' و 'گاڕان' بن **کە مەرجە** رەوانەی قەسابخانەکان و شەرگەکان بکرێن.. نەک ئادەمیزاد بووبن، ئەم دۆخە بۆ خۆی زادەی نەبوونی پەروەردەیەکی تۆکمە و **مرۆڤدۆستە و هەم** تەلاقدانی عەقڵێکی رەخنەگر و گومانکارە کە بەدەرە لە فەلسەفەیەکی رۆشنگەری و بەهادار، کە لە ئاکامدا بێ ئەرزشە و باوانی دەستەڵاتپەرست دێنێتە کایەوە و هاوکاتیش نەوەیەکی ملکەچ و خەسێندراو بەرهەم دێنێت لە باری رۆحیی و جەستەییەوە: بە نێرینە و مێینەوە!

**+ دڵداری نێوان جەللاد و قوربانی:**

سیستمی پەروەردەیەکمان هەیە کە نەیتوانیوە هاوسەنگانە و کۆگیرانە خەڵکی هۆشیار و پرسیارخواز و خاوەن دیدگا و فیکر و فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستانە و خەڵک و خاکپەروەر بخوڵقێنێت، لە هەمان کاتدا شانازیش بەوەوە دەکەن و شادومانن کە کاروانی شەهیدەکانیان بەردەوامە و نەبڕاوەیە،کە دیارە ئەم جۆرە شۆڕشە لەسەر خوێنی قوربانییەکان خۆی بەهێز دەکات، ئەگینا لە ناوئاخندا بۆش و بەتاڵە، بێجگە لە دەستەڵاتخوازی هیچ ناوێکی دیکەی نییە و ئاش و باراشێکە کە بەرهەمەکەی رووباری خوێنی هەزارەهایە و مەرگیش هەرزانترینە !

ئەوانی داربەدەست و دونیابەدەست و خۆپەرست سەرگەرمی حیساب و کیتابی خۆیانن کە ئاخۆ چەندە سوودمەندن لە دونیا و قیامەتدا، بەردەوامیش جبەخانە و عەمباریان پڕە لە چەك و خومپارە و تفاقی جەنگ، کە جەنگ تەواو دەبێت و کوشتارگاکان پڕ دەبن لەقوربانی، بۆ هەمیشە باوکە دەستەڵاتپەرستەکان لەژێر سێبەری ئەو دەستەڵات و هێز و کاریزما فشۆڵەی هەیانە کە لە جەماوەری فریوخواردووی بندەست دزیویانە کە دەتوانین ناوی بنێین دۆخی بەردەوامی "کلێپتۆکراس" کە ڕیک دەکا 'دزسالاری' بە ناوی دەستەڵاتخوازی رەهاوە، کە پشتئەستوورن بە میلیشایەکی خوێنخۆر و گەنجینە و سەرمایەکی رەمزی و ساختە و هەم سامان و دەرامەتێک کە دەنێو بانقەکانی خۆماڵی و دەرەکی گەڵاڵە کراون کە لە بن نایەت، ئەوسا زۆر ئاسانە دەستی خۆیان لە خوێن و فرمێسک و ئارەقەی قوربانیان و کەسوکاریان پاك بکەنەوە، بگرە وەک سەرۆکی فەرماندە و پاڵەوان خۆیان دەنوێنن، هاوکاتیش سامناکتر و ئاسوودەتر لە جاران دەچنەوە سەر تەخت و تاراجی خۆیان.

ئەو هەقە شاهانەیەی کە کەوتۆتە نێو چنگیانەوە، بە خوێن نوسراوە و لەسەر پەڕەی رۆح نەخشی خۆی داناوە و هەرگیز ناسڕێتەوە. یاسا و رێساکانی مرۆڤکردە و خۆکردە دەبن بە دەقی پیرۆز کە لە خزمەتی ئەوانی 'پاتریارک' ی تێرنەخۆرە و دەستوپێوەندەکانیاندا تۆمار کراون، دوا جار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەپێناو بەها پیرۆزەکاندا جەنگاون، هەر بۆیە شانازی بە ژمارەی زۆری قوربانییەکانەوە دەکەن، هەر هەمووشی وەك راستییەکی نەگۆڕ و هەمیشەیی خۆی لەناو پێچ و لوولی پڕ لە نهێنی و سیحر و جادووگەری زمانەوانیدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەو زمانەی وا دەکات قوربانیش بە شادومانییەوە بێتە ژێر چەقۆکان و وا بزانێت بەخوێنی خۆی دونیا جوانتر و ئاوەدانتر دەکاتەوە. مێژووش نابینایە و بەکوێری رێدەکات و زۆر درەنگ دەگاتە سەر ئەو هەموو مەرگە هەرزانەی نێو کوشتارگاکان، ئیدی پیاوە پیر و ستەمکارەکان خۆش دەخەون و گەنجەکانیش بەدەم خەونی گەیشتن بە 'فیردەوس'، یان گەیشتن و نیشتەجێبوون دەنێو مێشک و دڵی جەماوەردا دەبن بەو گەلە 'ئیسماعیل'ەی کە بۆ **خودی** خۆیان بۆ ئەو چەقۆ و تیغە دەگەڕێن کە بیدەنە دەستی باوکەکان بە **نیاز** و بیانووی ئەوەی کە فەرمانێکی پیرۆز پەیڕەو دەکەن گەر ببن بە قوربانی **و لە ژێر چەقۆی باوکەکان ملیان لە موو باریکتر بێت!**

خۆ ئەگەر 'مێژوو' چاوەکانیشی ساغ بن بە سەقەتی حونجەی ئەو مەرگ و خوێنە دەکات، بێئەوەی کەس تێبگات ئاخۆ بۆچی خودی قوربانییەکان بە وانە و پەندی زەمانە و حیکمەتی خواهانە و شاهانەی دەزانن، کە ئیدی ئەو سەفەری مەرگ و خوێنە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبێت بە یاسا و رێسا و نەریت و بەجێیناهێڵن و لەو شەمەندەفەرە دانابەزن کە رووەو جەهەننەم دەیانبات. قوربانی و جەڵلاد پێکەوە: لەناو وەها کولتوورێکی پڕ لە ستەم و درۆ و فریو و مشەخۆر کە لەسەر خوێنی هەزارەها دەژین، کەچی هیچ کێشە و گرفتی مۆڕاڵیی و رەوشتمەندانەیان نییە، چونکە زێدە تەبا و تفاق و قایلن، بگرە خودی قوربانییەکان دەبن بە دۆستی گیانی بە گیانی لەگەڵ چەوسێنەر و قەساب و سزادەرەکانی خۆیان، بێگومانن لەوەی کە باوکەکان بۆیان هەیە خۆیان بە (ئیبراهیم)ی پەیامنێر/ پەیامبەر بشوبهێنن تا ئاندازەی مافی سەربڕینی کوڕەکانیان، بێئەوەی پرس بە ئاسمان بکەن، کە دیارە ملکەچبوونی 'ئیسماعیل' بۆ قایلبوون **بە** چوونە ژێر چەقۆ ، **کە لە روانگەی فرزندەکان** فەرمانێکی ئاسمانیی بووە، دوا جار ئەو مافە میراتێکی هەزار ساڵەی لە پشتە و پیرۆز کراوە، قوربانیانی **یاغنیش و کەودەن** بۆیان نییە پرسیار و گومانیان هەبێت.

**+ کە خوێن لە ئاو هەرزانترە:**

ئەم خۆبەدەستەوەدان و نوچدان و ئامادەگییە بۆ مەرگیش وانەی یەکەمی باوکە ستەمکارەکانە بۆ کچەکان و کوڕەکان کە ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەوپەڕی پیرۆز و رەوشتمەندییە، یانژی سەرچاوەکەی لە میراتێکی دێرینی هەزار ساڵەی پێگەداری پاتریارک و باوکسالارییەوە رەگوریشەی داکوتاوە دەنێو رۆح و مێشک و دڵەکاندا نەخشی **خۆیان** داناوە کە بۆ ئەوانی قوربانی و کەودەن دابەزیوە، هاوکات هەڵگەڕانەوە لەم یاسا و رێسایە:خوێنی سەرە، بەڵام جیاوازییەک لە ئارادا هەیە لە ناوئاخنی چیرۆکی نێوان 'ئیبراهیم و ئیسماعیل' ی باوک و کوڕ، کە تیایدا "یەزدان" بەزەیی بە فرمێسکەکانی 'ئیبراهیم'دا هاتووە، بەڵام لە چیرۆکی قوربانییەکانی ئەم سەرزەمینە کە بۆنی قەسابخانەی لێدێت لە دێر زەمانەوە تا هەنووکە، هیچ کام لە قوربانیانی ئێمە نەیتوانیوە لەژێر چەقۆ و تیغ و شمشێرە بڕندەکان خۆیان راپسکێنن، یان وەک "ئیسماعیل" رزگاریان بووبێت بە فەرمانی ئاسمان.. هەرگیزاو هەرگیز!

باوکەکانی ئێمە مەزەندی ئەوەیان کردووە کە ئەوەندە **پیرۆز و پارێزراون** کە وەك (ئیبراهیم) ئەگەر بیانخستنایە ناو ئاگریشەوە، هەرگیز نەدەسووتان و بۆ هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە دەبن کە هەر جارە و بە موعجیزەیەك ڕزگاریان ببێت، بەڵام دەنێو سەرزەمینی ئێمەدا تەنها "ئیسماعیل"ێک نەیتوانیوە سەری خۆی ڕزگار بکات بە نیازی ئەوەی **کە** نەبێت بە قۆچی قوربانی!

گرفتی گەورەی قوربانییەکان ئەوەیە کە نەماون تاوەکو باس **لە** خوێنی بەناهەق ڕژاوی خۆیان بکەن، دوای مەرگی شەهیدەکانیش: چ خواهانەبی بێت یان شاهانەیی، هەر کەسێك بێجگە لە باوکەکان قسە لەسەر هەق و ناهەقی ئەو خوێنە ڕژاوە بکات، چارەنووسی بە قوربانی بوونە وەك خیانەتکار، نەك شەهیدێک، بە واتا گەر شەهیدەکان بێنەوە، دەستەڵاتخوازەکان دیسانەوە دەیانێژنەوە وکەسنەزانم بە گۆڕیان **دەسپێرنەوە**، نەکا سوودمەندی و بەرژوەندییەک کە بە خوێنی قوربانییەکان **دەستیان کەوتووە**، لە هیچ و **خۆڕایی** بە زیندووبوونەوەی شەهیدەکان لە کەموکورتی بدات تا ئاستی مایەپووچی، ئەمن بە ئەمەکەوە دەیڵێم کە ئەوانەی کە شەڕ لەسەر خێر و بێر و قازانجی خۆیان دەکەن کە نرخەکەی خوێنی ڕژاوی شەهیدەکانن، دیارە پتر نێرینەکانن.. نەک مێینە.. بەڵێ.. بۆ هەمیشە ژنان و دایکان و خوشکان و کچەکان زۆر لەوە شکۆمەندترن لەسەر سوود و بەرژەوەندی و خوێنی یەکتری و شەهیدەکان بژین، لە سەردەمی خوڵقانی "ئادەم و حەوا"وە **تاوەکو ئێستا** چی ڕوویداوە؟ **هەموو** دونیا هی خۆیان بووو، کەچی 'قابیل' دەستی چۆتە خوێنی **براکەی خۆی کە 'هابیل'ە** و **دەیکوژێت**، لەوەساوە تا هەنووکە "براکوژی" بەردەوامە، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز نەمانبیستووە "خوشک کوژی ڕەوا بێت، **هەر بە ڕاستی جەنگ پیشەیەکی پیاوانەیە..نەک ژنانە!**

من بیرمە لە سەروەختی شەڕی براکوژی، لە ناوەڕاستی **نەوەدەکاندا**، یەکێک لە سیاسەتبازە هەرە ناودارەکانی خۆمان، شەکری شکاند و گوتی ئەم **'شەڕی ناوخۆیی و براکوژییە'** وەک "سوڕی مانگانە / عادە"ی ژنان وایە کە دەبێت بازنەی خۆی تەواو بکات، ئەوسا خوێنەکەی دەوەستێت، یەک سیاسەتبازی **حیزبەکەیی و حیزبەکانی دیکە** نەیانگوت: **هۆ کابرا .. چەقەچەق..** شوورەییە ئەم **بەراوردکارییە** دەکەیت. هەڵبەتە ئەم 'سوڕی خوێنە'ی **براکوژی** بە زەبری شەقی 'واشنتن" وەستا کە تا هەنووکەش ئاسەواری ئەم خۆکوژییە بەردەوامە، **کە** ئەو خوێنە تا هەنووکەش بە جۆرێکی دیکە دەرژێت، لەسەر ئاستی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و فەرهەنگی، بگرە هەر ئێستا و لێرەکانە، دیسانەوە ئەمریکا ناوبژی دەکات کە ئەم دوو حیزبە **ناکۆکانە** ناچار بکات لەسەر مێزی دیالۆگ و **ئاشتیەوانی** ئەهل و سەهل بن!

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا **ئەو تەوس و پارادۆکسە بوو** کە تا ئەو کاتە نەمزانیبوو کە پیاوەکانیش "سوڕی مانگانە/ عادە"یان هەیە ، یانژی ساڵانەکە **خوێن دادەنیشن کە** ئاکامەکەشی مەرگی هەزارەها کوڕە لاوی چینی هەژاران بووە.. **نەک هی دەستەڵاتدار و سیاسەتبازەکان**، بۆیە بەراوردکارییەکە کوشندە و قەباحەتە و هەم گەمژەییە تا ئاستی داڕزان و تەڵاقی **مۆڕاڵیی و** ئینسانی و **ڕووکردنە** خوێنخۆری. پارادۆکس و تەوسەکە لێرەدایە کە لەو مانگەی کە تیایدا خانمان لە "سوڕی مانگانە" دەوەستن، ئەوسا دایکەکان چاوەڕوانی ئەوە **دەبن** کە **ئیدی** کۆرپەلەی تازە دێنە نێو ژیانەوە و **ئاوەدانی دەکەن**، بەڵام کە پیاوانی جەنگاوەر و دژ بە یەکتری بە بیانووی جیاوازی مەزهەب و ئایدیۆلۆژیای عەمبارەپۆ، **کە دەکەونە گیانی یەکتری و** دوای شەڕێکی خوێناوی هەردوو لایان دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ئیدی کۆتایی بە "**عادە و** سوڕی خوێنباران" بێنن، کە ئەنجامەکەی لەدایکبوونی گەلە کۆرپەلەیەک نییە، بەڵکو دەنێو شەڕگە و کوشتارگاکان چەندەها کوڕە لاوی جەنگاوەر دەکوژرێن و دەنێو خوێنی خۆیان دەگەوزێن، بە ڕاست خودی "عادە"ی پیاوان چ کارەسات و مەرگێک بە دوای خۆیاندا بەجێدێڵن.. ئیلاهی!

ئەوەی مایەی شەرمەزاری بوو ئەوە بوو کە بە لاشەی بێخوێنی شەهیدەکانی/ یان /کوژراوەکانی یەکتریان دەگوت کە بە ژمارە ئەوەندە "کەلاک"ە بەجێماوەن.. چ بێزەوەرە ئەم مێژووەی ئێوەی کرد بە مەڵتی ملیاردێر **خودان تۆڵەسێن و میراتگری خوێنی یەکتری؟!**

ئەگەر مێژوونوسێکی دلێر و سەر ڕاست هات و هەقایەتی ئەو مەرگەساتەی وەك خۆی نوسییەوە، لەوەدایە گەمە بەخوێنی سەری خۆی بکات یان لە باشترین دۆخدا دەستنووسەکانی دەبنە بەشێك لەئەرشیفی مێژوویەکی کۆن و عەمبارەپۆ کە بەدزییەوە دەستاودەست دەکات، ئەگەری ئەوەش پترە کە هەر هەموو ئەرشیفەکانی بسووتێنن، چونکە مێژوونوسینەوە لەوەها جوگرافیایەکدا کار و ئەرکی باوکەکانە کە گومانیان لەسەرکەوتنی ئەبەدی خۆیان ناکەن، بە بەڵگەی ئەوەی 'ئاشی شۆڕش' بە خوێن کەوتۆتە گەڕ، "بێکەس"ی شاعیر واتەنی، " داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێت.. قەت بەر ناگرێت!" بەڵام مەرجە بپرسین: کام دار و درەخت و کام بەرهەم کە بێستان و دارستانەکان بوونەتە جەنگەڵ و خاکی قەرەبرووت؟

**+ ئەفسانەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی:**

پێ بەپێ ئۆپراسیۆنێکی گەورە و درێژخایەن کە تیایدا فرە تیم و گرووپی کارا و دڵسۆز بۆ خیانەتکاری ساز و ئامادەن، کە لە ڕۆشنفکرانی کاسەلێس و قەڵەم بەدەست و دۆستی گیانی بە گیانی لەگەڵ دەستەڵاتخوازان دەکەونە سەر هەوای دڵدارییەکی زێدە ناشیرین کە بە دەست لەملانێ لەتەک پاتریارکە ستەمکار و خوێنخۆرەکان کۆتایی دێت، ئەو تیم و گرووپە خۆبەخشانە و دڵگەرمانە و کۆیلە ئاساکار لەسەر لۆژیک و مەنتقی وا ناجۆر و بەرەواژی دەکەن، بێباکانە و بەوپەڕی چاوقایمییەوە تێکست و دەقەکان وا شیدەکەنەوە کە گومان لەو مێژووە پیرۆزە نەکرێت، دڵنیامان دەکەنەوە کە ئەوەی ڕوو دەدات، هەر هەمووان لەسەری کۆکن و ڕێککەوتوون، بێ کەموکوڕی و غەوشە، هەرچییەکی پێچەوانەی ئەو ڕاستییانە بوترێت و بنوسرێت، دەچێتە خانەی نیازی خراپ و بەدکاری و بەدگومانی و ئیرەیی و چەواشەکارییەوە!

ئەوەی کە لە' کوردستان'دا دەگوزەرێت لە گەمەی خوێناوی و پڕ لە ستەمی جەللاد و قوربانی یان ڕاوچی و نێچیر دەچێت، نەك حوکمڕانییەکی شارستانیانە، ئەو کۆمەڵە جەنگاوەرەی لە شاخەکانەوە گەڕانەوە ناو شارەکان، بە تایبەتی ئەوانەی وەک سەرکردە و شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ خۆیان بە خەڵکی ناساند بەکۆ گیری و سەرتاپاگیری کەوتنە فەرهوودکردنی خاك و خەڵك و سامانی سەرزەمینی و ژێرزەمینی، هەر لەسەرەتاوە تەماعکاری و چڵێسی و حەزی کۆکردنەوەی سامان و دارایی و خووگرتن بە خاوەندارییەتی تەخت و تاراج و پلە و پایە و پێگەداری و پۆستی باڵا، وایکرد ئەو بنەماڵە و بەرەباب و سەرۆک و خێڵەخوێنخۆرانە بکەونە ناو سەنگەری دژ بەیەکتری و ساڵانێکی زۆر چ لە شاخ و چ لە ناو شارەکاندا خوێنی یەکتریان حەڵاڵ کرد، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە و بە کردەیی لەگەلاوێژی (1963)وە تا هەنووکە ئەو خوێنبارانە درێژەی هەیە، کەچی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ناوی "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە" بە خەڵکانی 'کوردستان'ی دەفرۆشنەوە، ئەو کاتەی کە سیاسەتبازەکان پیر دەبن یان دەمرن، ئیدی کۆی تەخت و تاراج و کۆی دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری دەکەوێتە ناو چنگ و گیرفانی نەوەی نوێ، بە تایبەتیش کوڕەکانیان، نەک کچەکانیان، کە ئەوەیان بەڵگەیە کە کۆی بانگەشەی شارستانیبوون و یەکسانی نێوان مێینە و نێرینە> چ خۆ بە چەپگەرا و لیبراڵ بزانن یان ناسیۆنالیست و نەتەوەخواز، هەر هەمووی دەبێت بە درۆیەکی شاخدار، دیارە نەوەی نوێ و میراتگری باوان بە هەمان کلۆج و پێوودانگ لەسەر فەرهوودکردنی سامانی سەرزەمینی و ژێرزەمینی بەردەوام دەبن، بگرە هونەر و تەردەستی ئەوان لە هی باوان خێردارتر و بێ ئابڕووترە کە میکانیزم و تێکنیکی فەرهوود و تاڵانکاری و 'کلێپتۆکراسی' کە دەکاتە 'دز-ساڵاری' بەگەڕ دەخەن بە ئیمتیازەوە، کە دەبوو باوکە سیاسەتبازەکان حەز نەکەن ئەم کوڕیژگە لاوانە و تازە باڵق بووانە بێنە ناو دونیای بزنس و سەرمایەگوزاری و دیسانەوە سایلی باوکانیان سەرگەمی دروستکردنی شاری خەونەکان و باڵەخانەی هەوربڕ و تاوەر و ئیمپایەر و بەهەشتی بنار و گوندی ئەلمانی و ئیتاڵی و ئینگلیزی.. کەچی عەقڵ و فیکریش لە قۆناغی "حەجە هەرە" و پارە سپیکردنەوە و دەست تێکەڵکردن لەتەک 'مافیای' نێونەتەوەیی! !

هەڵبەتە چ وەك کردار و چ وەك ئەخلاق و سیاسەتی چەواشەکاری دەنێو نەوەی نوێ و دەستوپێوەندەکانیان ئاسەواری ئەو جەنگ و دوژمنکارییە نەبڕاوەیە کە بە 'براکوژی' و 'شەڕی ناوخۆ' ناسراوە. حەشاماتێکی زۆر لە پیاو کوژ و ژنکوژ تا بێت زاووزێ دەکەن و ژمارەیان سەردەکات، ئەو ئاغاوات و میرانە و خودان جەنگ و کوشتارگایانە بۆ هەمیشە توانیویانە دەست بۆ مەسحەفە ڕەشەکەی شەڕانگێزی و جەنگ ببەن تاوەکو ئەو فەرمان و فەرموودانە بدۆزنەوە کە کوشتن و بڕین و تاڵانی حەڵاڵ کردووە، وەك چۆن لە سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین ڕاوی ژنە جادووگەرەکانی حەڵاڵ کردبوو، سەدەها هۆکار و بڕوبیانوو هەبوون بۆ ڕاوکردنی ئەو مەردمگەلە، بەڵام دوور بوو لە ڕاستی و هەق، تاوەکو ئێستاکێ بە هەموو کلۆجێك جەنگاوەرانی لای خۆمان بە هەزارەها چەکداری ساز و ئامادەیان هەن کە لەسەر هونەرەکانی جەنگ و براکوژی و خوشککوژی مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە، چونکە ئەوان مامۆستای زۆر زیرەکی شەڕخوازی بوون، دەیانزانی چۆن ئەو ڕۆحە شەڕانگێزییە دەنێو کوڕە لاوەکاندا بچێنن و چ کاتێك گەرەکیان بێت ئەو ڕۆحە جەنگاوەربازییە وەئاگا دێننەوە.

**+ ئاشی شۆڕش کە بە خوێن لە گەڕدایە:**

لەناو فەزا و کولتوورێکی پڕ لە زەبروزەنگ و دوژمنکاریدا زێدە ئاسانە مەردمگەل و خەڵکی فێری رق و کینە و کوشتن و برین بکەین، چ بە ناوی جەنگی پیرۆزەوە بێت و چ بەناوی خەڵک و خاک و نیشتیمانەوە بووبێت کە جیاوازی نییە، بە حوکمی ژینگە و ژیانی پڕ لە شەڕانگێزی و توندوتیژی ئێمە، ئاسانە برێکی زۆر بێت یان کەم لە توندڕەوی و دەمارگیری و شەڕانگێزی خەوتوو کەوا لەناو رۆحی تاکە کەسەکاندایە: زیندوو بکرێتەوە، جا چ خوێندەوار و چ نەخوێندەوار، ئەگینا بەچی و چۆن لێکیبدەینەوە کە زۆربەی کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو حیزبەکان هەڵگری بڕوانامە و پاسپۆرتی بیانیی و رۆژئاوایی بوون، هاوکات بۆ چەندەها ساڵ لە دەرەوە ژیاون یان خوێندوویانە، کەچی لەگەرمەی 'شەڕی ناوخۆ'دا بە وەزیر و گزیر و پەرلەمانتار و رۆشنبیرانەوە کەوتنە بەکارهێنانی جۆرەها چەک و جبەخانە و کۆگای ئەسباب و ئامرازە کوشندەکانی جەنگ دژ بە یەکتری، سەرباری بازاڕی گەرمی جنێوفرۆشی و ریسواکردنی رەمزەکانی یەکتری بە زمانێکی قێزەون، هاوکات ئاشی ئەو جەنگەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بە بازووی جەنگاوەران و عەقڵی خوێندەوارەکانی کوردگەل دەگەڕا، کە هەنووکەش بۆنی ئەوەی لێدێت دیسانەوە ئەو ماکینەی جەنگە بەگەڕ بکەوێتەوە کە دیسانەوە باراشەکەشی خوێنی لاوەکان دەبێت.

زۆر زەحمەتیشە ئەو دوو بەرەیە لێکدی جیا بکەینەوە، جیاکردنەوەی باوکە جەنگاوەرەکان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانەوە، لەبەرامبەر ئەو هەموو لاوانەی کە زۆر ئاسان و سووکەڵە تەییار و ئامادە بوون کە بە فەرمانی باوکانی دەستەڵاتخواز و مەزهەبزەدەکان دەست بدەنە جۆرەها چەکی جیاواز و رووەو شەڕگەکان تاو بدەن هەڵمەتبەرن بۆ سەر یەکتری و هێرشی دڕندانە بکەنە سەر سەنگەری یەکدی، کە دوا جار سەنگەرەکان ماڵ و مەکتەب و کەلاوەکانی ئێمە بوون، دوای کاولبوونی ماڵی خەڵکانی هەژار و کۆتایی هێنان بە جەنگەکانیش، کۆشك و تەلارەکانی دەستەڵاتداران کە زێدە تۆکمە و دامەزراو بوون، هەر بەپێوە دەمێننەوە و پارێزراو دەبن، ئەو عەوام و خەڵکە رەشۆکییەکە سەرلەنوێ سەرگەرمی دروستکردنەوەی کەلاوە رووخاوەکانیان دەبوون، لاوە بێ موراد و هەڵخەڵەتاوەکانیش جوانەمەرگ دەبن و دەبنە پێخوست و پێخۆری ئەو رەشە ڕاوە و جەنگە نەبڕاوانە.

ئاخۆ بەڕاست باوکە جەنگاوەرەکان هۆکار و بڕوبیانووی دروستیان هەبووە بۆ شەڕ و ململانێ کە دروشمەکانیان پڕ لە هاواری ئازادی و بەختەوەری و سەرکەوتن بووە؟ یان ئاخۆ گەمە و فێڵێکە و تاکتیکبازی تاوەکو تووڕەیی و دڵگەرمی لاوەکان بوروژێنن کە لەبنەڕەتدا بێبەشن و لەکولەمەرگیدا دەژین؟ کە سەرەنجام نەترس و جەربەزە و هەڵگەڕاوە و یاخیگەرانە ئامادەی هەموو جۆرە ململانێ و بەیەکدادانێك بوون، دواتریش کە جەنگ تەواو دەبێت، گەورەکان هەر هەموو خۆشی و ناز و نیعمەتێکی حوکمڕانی دەچننەوە، پرسە و ماڵوێرانیش دەبێت بە پشکی جەنگاوەرە لاوەکان. ناکرێت خۆمان لەوە گێل بکەین کە شەڕ و کوشتن و بڕین یان تیرۆری سیاسی گەمەیەکی خوێناوییە کە کۆماندۆ و میلیشیا و چەکداری ملکەچ بۆ ئاغاکانی جەنگ و باوکە پیرۆزەکان وا دەکەن کە خەڵکە رەشۆکییەکە و گەنجە خوێن گەرمەکان تیایدا بەشدار بن.

من زۆر باش لە یادمە کە لەسەر و بەندی "شەڕی ناوخۆ" یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبانە بە شانازییەوە درکاندنی کە ئەگەر ئەم پێشمەرگانە یان لاوە چەکدارانە بەبێ مووچە و پاداشتیش بن، کەچی هەر ئامادەن لە پێناو سەروەری حیزبدا بجەنگن، بەتایبەتی لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا، زۆربەی جارەکانیش وا رێکەوتووە کە باوکەکان ئاشت بوونەتەوە، کەچی دایك و ژن و خوشکانی ئەو شەهیدە لاوانە رەشپۆش بوون، هاوکات باوکانی پیر و ریش چەرموو دەرۆزەکەر ئاسا لەبەردەمی بارەگاکان بۆ مووچە و پوولێکی کەم چاوەڕێ بوون، وەك نرخی خوێنێکی بەناهەق رژاوی رۆڵەکانیان، ئەوانی خواپێداویش سەرمەستی عەیش و نۆشی خۆیان بوون و دەبن!

**+ پێداگۆگی ستەمدیدەیی:**

لە ئاکامدا دیسانەوە باوکانی جەنگاوەر وێنەکانی ئەو گەنجانە بەدیوارەکانەوە هەڵدەواسن تا سەر لە نوێ بۆ خاتری خوێنی ئەوانی جەنگاوەر لە سەروەختی هەڵبژاردن دەنگێکی زۆرتر کۆ بکەنەوە، چونکە مەرجە بەر لە مەرگ و دوای مەرگیش کوڕە کوژراوەکان سوودیان بۆ میرەکانی جەنگ نەبڕاوە بێت، هەر حیزبە و هەوڵدەدات ژمارەی شەهیدەکانی لە هەزارەها تێپەڕ بکات تاوەکو خوانی گەورەکان چەورتر بێت، ئەو رەشەکوژییەی کوردگەل کە تەمەنی سەدەها ساڵە کە لە ماوەی نیو سەدەی دواتردا بۆتە کاسبی و بازاڕگەرمی سیاسەتبازە گەورەکانی کوردزبان، هیچ قۆناغێکی مێژوویی خۆمان نادۆزینەوە کە لە نێوان جەنگێك و جەنگێکدا سووڕێکی دیکەی خوێناوی و براکوژی تێدا نەبووبێت، ئەوەش وایکردووە کۆمەڵگایەکی شارستانی ساز و ئامادەمان نەبێت کە هێزی پێکەوە ژیانی هەبێت وەك میللەتانی دیکە

دەزگا و دامەزراوەی خۆمان هەبێت کە بناغەکانی بە ئاسانی نەلەرزێن بەسەرماندا، پەرلەمانێك کە تەمەنی پترە لە سی ساڵ، کەچی تا هەنووکە لە دیوەخانە دەچێت، ئاغاکانی جەنگ زوو زوو وەك ماڵەباجێنە تێکیدەدەن، یان دەمامك دەپۆشن و بە درۆ وای دەنوێنن کە ئاشت و تەبان لەتەك یەکتریدا، لەسەرەوەرا تەوقە دەکەن و لەژێرەوەش پلان و نەخشەی رەش لە دژی یەکدیدا دادەڕێژن، ئەندامەکانیش لە زۆربەی خوولەکاندا لەو منداڵە شەرمنانە دەچوون کە نەتوانن بێ رێنمایی باوکەکان بجولێن، ئەوانەشی کە لاساری دەکەن، هەڕەشە لەبەختی ناپوختی خۆیان دەکەن.

مەترسی گەورە لەوەدایە کە مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناغی جیاوازدا کەڵکی لەرۆحی دیلییەتی حەشامات و خەڵکی بندەست وەرگرتووە کە بە رەزامەندی خۆیان ئامادەن ملکەچانە بجەنگن لە پێناو سەروەری سەرکردەکان و مەزهەب و یان حیزبە پەسندکراوەکەی، گەرچی خودی جەنگاوەرە لاوەکان کە کوڕانی چینە هەژارەکانن کە بۆ هەموو تەمەن شکێندراون و ترساون و کۆیلەکراون، هەمان چارەنووسی ملکەچی بۆ کچان و ژنانیش مەشق و راهێنانی بۆکراوە کە کراون بە بووکەڵەی سێکس و کەنیزەک و خزمەتکاری نێو کۆشک و تەلاری دەستەڵاتداران و پادشاکان و سوڵتانەکان و شێخەکان و میرەکان، بە واتا مێژووی بەندەواری و بندەستی وا دەکات کەسەکان وا پەروەردە بکرێن کە بۆ هێز و توانایەکی باڵا بگەڕێن بەو نیازەی ببێت بە پشت و پەنا بۆ بێدەستەڵاتەکان کە من ناوی دەنێم هێزی بێهێزەکان، یان گەڕان بە دوای هێزێکی خواهانە و میتافیزیک، وەك چۆن رژێمە تۆتالیتارییەکان زەمینەیان بۆ خۆشکردووە بە درێژایی مێژوو، لە چەشنی نازیزم و فاشیزم و ستالینیزم و فوندەمێنتالیزمی مەزهەبزەدەیی کە هەر هەموویان لە ئاکامدا بە 'دۆگماتیزم' کۆتایی دێت کە لە باری فیکری و مرۆڤپەروەرییەوە دەگەن بە بنبەست و داخران و خنکان دەنێو "وشکە بڕواداری/ جمود العقیدة" عەقیدە و بڕواداریەکە کە بە بێ گومان و پرسیار وەک هەقیقەت و یەقینێکی رەها پەیڕەوەی لێدەکەن، چ دونیایی بێت و چ مەزهەبگەرایی؛ نموونەی کاتۆلیکی رۆمانی و یەهوودی و پرۆتستانتی و رێبازی وەهابیزم.

بۆ هەمیشە ئەو قودرەتمەندی و توانا و هێزە نادیارە بە تەنیا هی خودای ئاسمانان نییە، زۆر جاران زادەی مێژوویەکی دێرین و دووری لە پشتە کە کۆی رەهەندە کولتوورییە جیاوازەکان تیایدا بوون و پشکی بەشداریان هەبووە، هەر بۆ نموونە لاوازی و بندەستی و شکستی رۆحی و نوشوستی ئینسانی و ترس لە نادیارییەکانی ئایندە و داهاتووی ژیان و زیندەگی خۆمان وامان لێدەکەن بە دوای خودایەك و باوکێك بگەڕێین لەسەر زەمین، نەوەك لە ئاسمانان، کە باوەشکردن بە جەللاد و دکتاتۆر و دەستەڵاتخوازانی ستەمکار جێکەوتە دەبێت و ئیدی رەگوریشە دادەکوتێت و دەبێت بە میراتێک کە نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری دەیگوێزنەوە بەبێ گومان و پرسیار، بۆ هەمیشە پرسی مەرگیش و دوای مەرگ چی چاوەڕێمان دەکات رۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ رامکردنی مەردمگەل بۆ باوەشکردن بە دۆگماتیزم.

**+ دکتاتۆر وەک قاندر و ڕکابەری یەزدان:**

ناکرێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی زۆرینەی دکتاتۆرەکان و دەستەڵاتخوازە نارسیست و نەخۆشەکان بەوە دەگەن کە خۆیان بە "خودا" بزانن، بگرە ململانێ لەگەڵ خودی خودا دەکەن و دەخوازن بیبەزێنن، سەدەها نموونە هەن کە ناژمێردرێن، نموونەی "نەبوخدنەسر" لە 'بابل'ی کۆندا کە تاوەرێکی زێدە بڵند دروست دەکات بە نیازی 'خودا' کوشتن، یان نموونەی "کالیگۆلا": قەیسەری رۆما و دەیەهای دیکەش. لەناو وەها فەزا وکەڵچەرێکدا کە هەر هەموومان وانەکانی بندەستی و کۆیلەبوونمان خوێندووە و بگرە ئەزبەرمان کردووە و چۆتە ناو رۆح و مێشک و نەست و ناخودئاگاهی و عەقڵی پەنهان کە لاشعورێکی دەردەدار جێگە بە هۆش و گۆش و خودی ئاوەز لەق دەکات، زۆر جارانیش بە تەڵاقی عەقڵی نەسرەوت و بزێو و مەرگی گومانکار و پرسیارخواز کۆتایی دێت، کە لە ناو ماڵەکان و مەکتەب و دەزگاکانی پەروەردەیی و مەزهەبزەدەیی بە دیوە توندڕەوی و دۆگماتیزمەکەی جێکەوتە دەبێت.

سەرباری ئەوەی کە خانەی حیزبەکانیش کە بانگەشەی چەپگەرایی و ناسیۆنالیستی و لیبرالیزم دەکەن بە هەمان چارەنووس دەگەن کە لەوێشدا سەرۆکی حیزب بڕیاردەرە و خواهانە و شاهانە خۆی دەبێت بە سەرچاوەی یەکەمین و سەرەکی بۆ خێر و شەڕ، بەبێ ڕکابەر و قاندر کە هەمیشە کەمترین خێریان هەبووە بۆ مەردمگەل، بەڵکو دەبن بە سەرچاوەی چەندین تراژیدیا و کارەساتباری و ژیان و زیندەکییەکی دراماتیک و دۆزەخنشین ئاسا، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان، بە کچان و کوڕەکانیشەوە کە دەگەن بە تەمەنی هەژدە ساڵی کە ئیدی مافی ئەوەیان دەبێت بچنە ناو حیزبەکانەوە وەک ئەندام، بەڵام لە یەکەمین پێشوازی 'حیزب' بۆ کچە عازەب و کوڕە

لاوەکاندا، بەنێو پرۆسەیەکی خەساندنی رۆحی و عەقڵیدا تێدەپەڕن کە مێژووی سیاسەتبازی لەسەر ئاستی دونیادا بێ شومار نموونە زۆرن کە درامای شکستی نەوەی نوێ لە بەرامبەر باوکە ئەبەدییەکاندا بەزیون و دۆڕاو بوون.

باوکە سیاسەتباز و مەزهەبزەدکان و دەستەڵاتخوازەکان دوای مەرگیشیان زیندووتر دەبنەوە، هەر ئەم سیحرەیە کە نەوەی نوێ بۆ هەمیشە و بە تایبەتی دەنێو "خۆرهەڵاتی ناوین" کە لە هەنووکەدا زۆرینەیان نێرینەن کە لەسەر میراتی باوکانی خۆیان دەلەوەڕێن.. نەک مێینە، ئەگەر نا.. چلۆن دەنێو نەوەی نوێ و ئەو فرزەندانەی کە زێدە کاڵفام و کەودەن و بێ ئەزموون و بێ ئەندێشە و خەون و خەیاڵی بونیادنان و رابوونن، یانژی یان سست و دەستەپاچەن لە هاتنەدی ژیانێکی شکۆمەند و مرۆڤپەروەرانە، کەچی بوون بە جێگری باوک و باپیرانیان؟ کە هەموومان دەیبیستین و دەیبینین کە بە ملیۆنەها لە خەڵکانی خۆمان گۆڕی باوک و باپیرانیان هەڵدەتەکێنن تا ئەندازەی بە نەفرەتکردنی رۆژانەی حەوت پشتی ئەم نەوە نوێیە، کەچی ئەوان سەرگەرمی بزنس و سەرمایەگوزارین و گوێی خۆیان کەڕ کردووە لە بەردەم هاوار و ناڵە و نارەزایی ملیۆنەهای ستەمدیدە!

رەنگە کەسانێک بپرسن کە بۆچی وەها ئاسان دۆخێکی وا نارێک و ناجێگیر بەردەوامە کە جەماوەر تیایدا دەبن بە قوربانی و پێخوست و ئامراز و دەسکەلای باوکە ستەمکارەکان و فرزندەکانیان، ئایا بۆچی بۆیان دەچێتە سەر؟ بۆچی زۆر بەئاسانی دەبین بە سەرباز و دەرگاوان و گوێکەرێلە و ملکەچ و چەکبەدەستی ناو لەشکر و سوپا و کۆشکی ئەو باوکە پیرۆزانەی کە وەك مێگەل ئێمە رووەو قەسابخانە و شەرگەکان و کوشتارگاکان قاو دەدەن و لێماندەخورن وەک ئەوەی رەشە وڵاغ بین؟

## + خەونی گەیشتن بە 'یوتۆپیا' کە بە دۆزەخ کۆتایی دێت:

مەرجە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە.. گومان لە هەر هەموو ئەو دەزگایانە بکەین کە ئێمەیان پەروەردە کردووە کە بە درێژایی ئەم وتارە ئاماژەم پێداون کە من ناویان دەنێم کارگەکان و فابریقەکانی 'مەرگدۆستی'، نهێنی هەرە زەق ئەوەیە کە هەمیشە کەسانی گرگن و ترسنۆک و وێڵ و سەرگەردان کە دوچاری هەر تەنگژەبارییەکی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری هاتبن، ناچار دەبن کە بچنە پاڵ هێزە هەرە گەورە و زەبەللاحەکان کە پڕ لە سام و هەیبەتن، جا سەر بە ئاسمان بن ئەو هێزانە یان سەرزەمینی کە سیخناخن بە دروشم و مژدە و گەیشتن بە "یوتۆپیا" کە زێدە فریودەرە بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی ئەوکچ و کورانەی کە هۆشیاریان نییە بە گەمە و فێڵی چەپەڵی دەستەڵاتخوازەکان، نموونەی بەرپابوونی براکوژی/ شەڕی ناوخۆیی کە هیچ میللەتێک نییە بەم دۆزەخەدا تێنەپەڕیبێ، بە 'باشووری کوردستان'یشەوە، کە زۆر جاران گۆبەند و گەمەی فریوخواردن بە کۆی سیناریۆکانی میران و ئاغاکانی جەنگ کە بە رادەیەک ئاڵۆز و پێچیدە و دنەدەرە تا ئەندازەی پیرۆزکردنی شەڕەکان کە دەنێو هەر هەموو چین و توێژەکان ژمارەیەکی بەرچاو هەن کە دەروێش و موریدی حیزبە باڵادەستەکانن بە ئەندازەیەک کە ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان قورمیش کراون و چیدیکە ئەوان بنیادەم نین و بوونەتە 'رۆبۆت' و ئامێر و ئامرازێك لەناو ئەو جەنگانەدا، بورغووێکن لەناو ماکینەیەکی مەرگچێن.

هەموومان ئاگاداری ئەزموونی خۆمانین کە بۆ ماوەی نیو سەدە پترە تیایدا ژیاوین کە تاهەنووکە ئەو ململانێ خوێناوییەی هەردوو حیزبی دەستەڵاتدار لە 'باشووری کوردستان' کۆتایی نەهاتووە، هەر بەگەڕانەوە بۆ مێژووی خوێناوی حیزبە کوردییەکان و کاروانی ئەوانەی بەدەستی هاوتوخم و هاوخوێن و براکانی خۆیان کوژراون، کەمتر نین لەوانەی کە بەدەستی دوژمنەکانمان کوژراون، گەر ئەمرۆکە بتوانین بە موعجیزەیەك ئەو شەهیدانە یان کوژراوانە زیندوو بکەینەوە، بەتێکرا پەشیمان دەبنەوە و داوای خوێنی بەناهەق رژاوی خۆیان دەکەنەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ ئەوە چ باوکێکی پیرۆز و میرێکی جەنگ و دیکتاتۆرێکە کە بە هەزارەها سەرباز و تفەنگ لەشان و ملکەچ دروست دەکات و لەناوکەند و لەند و چاڵەکاندا بەکوشتیان دەدەن، یان پێچەوانەیەکەیەتی کە دەکرێت ئەو هەزارەها لە سەربازە نائومێد و سەرکوتکراو و خەسێندراوەن کە ریگا خۆش دەکەن بۆ خوڵقاندنی دیکتاتۆر و باوکی پیرۆز و خوداوەندەکانی شەڕ و خوێنخۆری!

زۆر جاران لەبەرامبەر کارەساتەکانی ناو سروشتدا مرۆڤ بێتوانا و دەستەپاچە دەوەستێت، هەروەك مەرگەساتەکانی ژێر زەبری تسونامی/ تسۆنامی و بوومەلەرزە و گڕکان و لافاو و کۆلێرا و وشکەساڵی و تاعوون، کەسانێك هەن هۆکاری کارەساتەکان دەگەڕێننەوە بۆ غەزەبی سروشت خۆی کە مەردمگەل ئاو و هەوا و خاکی پیس و لەوتاوی کردووە، ژمارەیەکی بەرچاو یش لە مەزهەبزەدەکان بە حیکمەتی ئیلاهی

و ئاسمانیی تێدەگەن کە هەر ئافاتێکی نێو سروشت بەرپا بێت لای ئەوان: زادەی بەدکاری و فەساد و فسق و فجوور و فاحیشەی خەڵکانێکی خودانەناسە، هەتا بێ بارانی و وشکەساڵێش وانە و تۆڵە و سزای خواهانەیە تا مەردمگەل بێنەوە سەر ڕێگای راست و هیدایەت. هەندێکجاریش وەك توورەیی و تۆڵەی خودی سروشت و رەگەزەکانی دەخوێندرێنەوە کە لە داخی بێباکی و ملهوڕی و پیسپەرستی مرۆڤ ئەو هەموو کارەساتانە بەرپا دەبن کە وێرانکەرە وەک نموونەی ئەم بوومەلەرزەیەی ئەم چەند رۆژەی دوایی، ژینگە پارێزەکان بڕوایان وایە کە مرۆڤ و مەردمگەل بە گشتی دڕندەترین بوونەوەرن کە چواردەوری خۆی وێران دەکەن و بەسەر خۆیاندا کاولی دەکەن، رێک وەک ئەو کەسەی کە لەسەر لقی درەختێک دانیشتووە کە بە مشار دەیبڕێتەوە، کەچی ئەوەی کە لە مێژووی ئێمەدا روودەدات، کارەسات و دەرد و نەهامەتی و مەرگێکە کە رێك دەستکردی خۆمانە و بۆ خۆمانە، وەك ئەوەی بەر نەفرەتێکی رەش و ئەبەدی کەوتبین بە دیوە خورافییەکەی کە وایکردووە بە ملیۆنەها بەردەوام سەرگەرمی خودنەفرەتی بن!

**+ مەرگی جوانترین ئەستێرە:**

زانایانی جیۆلۆجی و زەویناس بۆ هەمیشە دڵنیامان دەکەنەوە کە 'کوردستان' دوورە لە چەقی یان راستە هێڵی بوومەلەرزەوە، تەنها ئاسەوار و شەپۆلێکی کەمی ئەو زەمینلەرزەیە جاروبار ئێمە دەگرێتەوە و دەمانترسێنێت، هەر بۆیە گوایە ئێمە لە وێرانکارییەکانی بوومەلەرزەیەکی راستەقینەوە بەدوورین، بەڵام مایەی تێڕامانە کە کوردستان و خەڵکەکەی کەوتوونەتە سەر چەق و هێڵی ناوەڕاستی بوومەلەرزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مۆرالی و فیکری و مەزهبزەدەیی کە نەک هەریمی کوردستان لە مەترسیدایە، بەڵکو خودی "خۆرهەڵاتی ناوەراست" لەسەر راستە هێڵ و نێو چەقی بوومەلەرزەیەکی ترسناکی ئینسانیدایە، بوومەلەرزەیەك کە وا لەناو رۆح و دڵ و عەقڵی خۆماندایە، بە تەنها شەپۆلێکی ترسناکی زەمینلەرزە نییە کە لە دەرو دراوسێکانمانەوە گەیشتبێتە لای ئێمە، لە خاك و کیشوەرێکی دیکەوە نەهاتووە، کە هەر جارێک لێمان دەدات و مەرگی هەزارەها کەس و کاولکاری و وێرانەخاکی و وێرانەماڵیمان بۆ بەجێدێڵێت، بوومەلەرزە کوشندەکانی ئێرە و هەنووکە دەستکردی باوکە زۆردار و ئەبەدییەکانی خۆمانن، باوکە چەوسێنەر و ئاغا و میرەکانی جەنگ لەودیو دەرگاکانەوە چاوەڕێن تاوەکو نەوەیەکی تازە لەدایك دەبێت، ئەوانیش کە لە خەم دەرەخسێن و گەورە دەبن، دیسانەوە تەییار و ئامادەیان دەکەنەوە بۆ جەنگ و بوومەلەرزەیەکی دیکە، وەك خوداوەندەکانی ناو میتۆلۆژیای یۆنانی، وەك دێوەکانی ناو ئەفسانەکان و ئەژدیهاکان کە دەنەڕێنن و دەفیشکێنن و لەنەعرەتە دەدەن، بە هەنگاوی جەهەننەمی و شەڕانگێزانە بە هەموو لایەکدا ملدەنێن و ئاگر دەبارێنن و پێ لەزەوی دەکوتن و دونیا دەهەژێنن، کە دەبن بە خالقی بوومەلەرزەیەکی دیکە و کاولکاری و رووباری خوێن و فرمێسك و کوشتارگەیەکی پڕ لە لاشەی گەنجە نامرادەکان.. نەوە دوای نەوە. مەرج نییە هۆکارەکانی ئەو خوێنڕشتنە تەنگژەی سیاسی و ململانێیەکی ناوەکی و فیکری و چەند حیزب و باڵێك بێت لە بەرامبەر یەکتریدا، یان خۆجیاکردنەوەی چەپگەراکان لە ڕاستڕەوەکان، بەهەر بارێکدا بێت... هۆکارەکان چەندە راستەقینە و پیرۆز بن یان ساختە و پیس و بەدنیهادیی و خۆکوژی بێت، کە جەنگ بەرپابوو، قوربانییەکان وەك یەك خوێنیان لێدەرژێت، ئەوانەی کە لەناو دەچن کۆمەڵێك مرۆڤن کە زۆر جاران هەمان خۆزگە و خەون و خولیایان هەبووە کە ئێمەش هەمانە، ئەفسووس کە سەد بارە هەمان فریو دەخۆن، باوکە ئەبەدییەکانیش شەڕگە جەهەننەمییەکانیان بۆ گەرم دەکەن، بۆ هەمیشە مژدەکان و دروشمەکان رەنگاو رەنگن... کەچی مەرگەکانیش هەردەم یەك رەنگن!

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا ناچارین کە ئاماژە بەوە بدەین کە ژینگەپارێزان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر مەردمگەل بەم جۆرە مامەڵە لەتەک سروشتدا بکات کە زێدە بەدکار و پیسپەرست و وێرانکەرە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەم ئەستێرە ناوازە و جوانە لەسەر دەستی خۆمان بکوژێتەوە!

(بەفرانباری /٢٠٢٣)